# "کلیلی ڕاپەڕین" جەماوەری شاری ڕانیە، ئەمجارە قفلێکی تری کردەوە!

ئەمجارە لەشاری ڕانیە جەماوەر لە بەرانبەر دەسەلاتی کوردیدا ڕاپەڕی، ئەمجارە بۆ وەدەرنانی کۆنەپەرستان و قەومپەرستانی بەعسی شوفێنی نەبوو، ئەو 15 ساڵە لەکوردستان گۆڕ بەگۆڕ بووە. ئەمجارە لە ڕۆژی 21حوزەیراندا، جەماوەری ئازادیخوازو رق ئەستوری ئەمشارە لە دژی گەندەڵی ئیداری دەسەلاتی کوردی، لەدژی کەڵەکەبونی پارەو پول و زەوی‌وزارو کۆمپانیا و کارگەکان لە دەستی بەرپرسانی دەسەلاتی کوردیدا هاتنە مەیدان. لەدژی گرانی و چونە سەری نرخی پیداویستیەکانی ژیان. ئەمجارە لە پیناو دابینکردنی خواستی ڕەوای خۆیاندا لە پیناو دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکاندا لە کارەباو ڕیگاو بانی گونجاو ڕاکێشانی تۆڕەکانی بۆری ئاو خواردنەوەو قیرتاو کردنی شەقامەکان و.... هاتنە دەرەوەو مانیان گرت و دوکانەکانیان داخست هاتنە دەرەوەو خۆپیشاندانیان کردو ووتیان ئیتر بەسەو قبولی ناکەین و نەیان کرد. وەڵامی بەرپرسانی ئیدارەی سلیمانی لە شاری ڕانیەو بەرپرسانی یەکێتی لەمشارەدا، تەنها وتەنها بەڵێ بوو، بە پێچەوانەی ڕۆژانی ترەوە، بەڵێ تەنها وەلامێك بوو بۆ ئەوان کە دەتوانرا بوترێت لە بەرانبەر رق ئەستوری جەماوەردا.

جەماوەری شاری ڕانیە، جەسورانەو یەکگرتوانە ڕۆژی 21ی حوزەیران شەیپۆریان داو خۆپیشاندانیان کرد سەرەڕای هەوڵو تەقەلاکانی بەرپرسان و دەسەلاتداران لەم شارەدا، لەپیناو دورخستنەوەی خەڵك و بەشدارینەکردنیان لەم خۆپیشاندان و مانگرتنەدا. بەلام هەموو هەولێکیان بێهودە بوو، تەنانەت هەوڵەکانیان لەڕۆژی 21ی مانگیشدا بەهۆی چەند ئەندام کەرت و ئەندام مەلبەندێکەوە کە دوکانەکانیان کردبوەوە، شکستیان خواردو وەلامی جەماوەری چەند هەزارە " دایخەن، دایخەن" بوو.

خەڵکی کوردستان بەگشتی لە سایەی ئیدارەو دەسەلاتی کوردیدا، لە سایەی فەرمانڕەوایی ناسیونالیزمی کوردا، کە بۆ ماوەی 15 ساڵی ڕەبەقە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە لە کوردستان، کە بۆ ماوەی 15 ساڵی ڕەبەقە تەواوی سەرەوت و سامانی ئەم کۆمەڵگایەیان بۆخۆیان ئیحتکار کردوە، گەورە بەرپرسانی ئەم حزبانە، خاوەنی پولێك نەبون، ئەمڕۆ هەژارەکەیان بە یەك ملیۆن دۆلار دەلێت"یەك" بەلاّم تا ئێستا کارەبا لەکوردستان بە تەواوی دابین نەکراوە، تا ئێستا ئاوی خواردنەوە هەمیشەو بەردەوام نیە، تا ئێستا شەقامەکان، هەمان شەقانی سالانی هەفتاکانە، تا ئێستا دەیان ناوچەو گەرەك لە زیرابەکانی ئاوەڕۆ بەهەرەمەند نیە، تا ئێستا سوتەمەنی لە بەنزین و نەوت نرخی بە ئاستیك چۆتە سەرەوە کە لەکرین نایەت و ڕۆژانەش سەدان تەنکەری بەنزینی تورکی خۆی دەکات بەکوردستاندا، تا ئێستا موچەی فەرمانبەران و مامۆستایان و کرێکاران بەشی یەك کرێ خانو ناکات.... سەرەڕای ئەوەش لە دەرکردنی بڕیاری قەدەغەکردنی مانگرتن و خۆپیشاندان سڵ ناکەنەوەو سەرکوتی دەکەن، یان هەر لەپێشەوە لەباری دەبەن وەکو خۆپیشاندانی مامۆستایانی شاری هەولێر، تا ئێستاش خەڵك زیندانی دەکرێت لەسەر موخالیف بونی سیاسی، تا ئێستاش کەسانێك دانامەزرێن و زەوی نادەنیێ و پۆینتەکانی بۆ بەرزناکەنەوە ئەگەر سەر بەخۆیان نەبێت، تا ئێستاش یەك خواستی خەڵکی کوردستانیان وەلام نەداوەتەوە لە دابینکردنی ئازادییە سیاسی و مەدەنی و فەردییەکان بەشیوەیەکی یاسایی. لەم نێوەدا شاری ڕانیە کە فریو کارانە پێی دەلێن "دەروازەی ڕاپەرین"و بەشان و بالیدا هەڵدەدەن، هیچ خزمەتگوزارییەکی بۆنەکراوە. شەقامی سەرەکی نیوان قەلعەدزەو ڕانیە کە بەناوەراستی شاری ڕانیەدا دەڕوات، دەڵێی پاشماوەی جەنگە، زۆربەی گەرەکەکانی قیرتاو یان کۆنکریت نیەو هیچ خزمەتگوزارییەکی تیدانیە، هیچ صالۆنیکی کونجاوی تیدانیە بۆ مەلەوانی و شوینی وەرزشی لاوان، هیچ صالونیکی تیدانیە بۆ کتیبخانەو کاروباری کۆمپیوتەری و ئەنتەرنێتی، هیچ وهیچ.....

خۆپیشاندان و مانگرتنی شاری ڕانیە، پیویستی بە ڕیکخراوبون و یەکگرتوبونی زیاتر هەیە، پێویستی بە هاوئاهەنگی و هەمەگیرکردنی دروشمەکان هەیە، پیویستی بەوە هەیە، کە جەماوەری ئازادیخواز رەقیب بێت بەسەر بەڕیوە بردنی کاروبارەکانی خۆیدا، ئەمەش پێویستی بە ڕیکخراوبون هەیە. رێکخراوەیەکی جەماوەری کە ڕووی لەوە بێت خۆی بۆخۆی کاروبارەکانی ئیدارە بکات، خۆی بۆخی بڕیار بدات، کە کێ بەرپرسی ڕانیەیە، کێ بەرپرسی شارەوانیێەو چۆن بەزوویی و لە پیناو ڕولەکانی شارەکەیدا، کارەکان جێبەجێدەکات، ئەگەر نا ئەوا هەر لە لایەن ئەوانەی هەڵیان بژاردوە وەلادەنرێن. بەلاّم هێشتا دەسەلاتدارانی کوردستان وەك دوینێ چۆن ترس و هەڕەشەی حکومەتی سەرکوتکەری صدام و یاساکانیان بەکار دەهێنا لە بەرانبەر خەڵکی کوردستاندا، ئەمڕۆش بە یاسا کانی دەوڵەتە وشکەڵەکەی بەغدا ڕیگری دروست دەکەن و دەڵین ئیمە لە چوارچێوەی عێراقداین. عێراقیك کە ئێستا هەیە نەك بۆ خەڵکی کوردستان بەڵکو بۆخۆشیان هیچیان پێنەبڕاوە تیایدا، بۆیە پێویستە لەسەر جەماوەری کوردستان و شاری ڕانیە، خواست و داوای خۆیان تاکو جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەڕیگای ریفرندۆمیکی گشتی و ئازادەوە بەرنە پێشەوە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەریزی ئەم ناڕەزایەتی و خەباتەدا شێلگیرانە ڕاوەستاوە.

**سەرکەوتوبێت خەباتی جەماوەری کوردستان لە پێناو باشبونی هەلوەمەرجی ژیان و گوزەراندا!**

**ڕیکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2005/6/22